# ئۆجالان: پرۆژەی خۆبەڕێوەبردنی دێموکراتیک، نەک تەنها بۆ کوردان، بۆ هەموو گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوینە

**بابەتی دیکە**

2010-09-05

ئۆجالان لە دیداری پێریدا لەگەڵ پارێزەرانی، سەبارەت بە دوایین پێشهاتەکانی کوردستان و بڕیاری بێچالاکی کەجەکە هەڵسەنگاندنی گرینگی کرد. ئۆجالان سەرنج ڕادەکێشێتە سەر گرینگی دوو هەفتەی داهاتوو و گوتی: لەو ماوەیەدا ئەگەر هەنگاوی ئەرێنی بهاوێژرێن، ئەو دەتوانێت ڕۆڵی خۆی بگێڕێت. بەڵام ئەگەر دیالۆگ و دیدارەکان دەستپێ نەکەن، ئەو ناتوانێک شتێک بکات .

ڕێبەری گەلی کورد عەبدوڵڵا ئۆجالان قۆناغی بێچالاکی هەڵسەنگاند و گوتی: دوو هەفتەی بەردەممان زۆر هەستیارن. ئۆجەلان سەبارەت بە تەندروستی خۆشی گوتی: ”کێشە تەندروستییەکانی پێشووم تا ئێستاش بەردەوامن. ئەو هەوایەی لە پەنجەرەکەی سەرەوەڕا دێتە ژورەکەوە، کاریگەری لەسەر هەناسەدانم دەکات. بەڵام من بەرخۆدان دەکەم. نازانم تا کەی دەتوانم بەرخۆدان بکەم. بەڵام لەهەموو شتێک زیاتر کە زەحمەتیم بۆ دروست دەکات، ئەو بەرپرسیارییەتییە سیاسییەیە کە خراوەتە ئەستۆم. هەردوولا، هەم پەکەکە و هەمیش دەوڵەت، ئەرکەکانیان دەخەنە سەر شانی منەوە. بەپێی ڕووداوەکان، من تا دوو هەفتەیتر شان دەدەمە بەر ئەو بەرپرسیاریەتییەوە. ئەگەر هەنگاو بهاوێژرێت، من ڕۆڵ دەگێرم، بەڵام کاتێک لە هەڵوێستەکانی ئەم دوابیەی سەرۆک وەزیر ڕادەمێنم، تووشی سەرسوڕمانم دەکات. تەنانەت لە کلچدارئۆغلوش دواکەوتوانەتر قسە دەکات .

لەلایەک چاوپێکەوتن ئەنجام دەدەن و لەلایەکی تر هزری نەژادپەرستی پەرەپێدەدەن. ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە بۆ وەدەستخستنی ڕای نەتەوەپەرستەکان ئەو هەڵوێستە بنوێنن، بەڵام ئەو کارە خزمەت بەکەس ناکات. بەو هەڵسوکەوتە بەرتەسکانە ، چۆن پرسی کورد چارەسەر دەکەن. بەو هەڵوێستە سوکانە و بەکاربردنی دەستەواژەی نەتەوەپەرستانە، چارەسەری پێشناکەوێت .”

ئۆجالان دەستنیشانی کرد کە هەڵوێستی بەرتەسک و نەژادپەرستانەی پارتە سیاسییەکان، زیانێکی زۆر بە دەوڵەت دەگەیەنێت و گوتی: من بۆ ئەو لایەنانە دەڵێم، ئۆلیگارشی سیاسی پارتییەکان. پارتییە سیاسییەکانی تورکیا، وڵات بەرەو قەیران دەبەن. ئۆجەلان دەستنیشانی کرد کە ئاکەپەش پارچەیەکە لەو ئۆلیگارشییە سیاسییە. ئۆجەلان هەروەها دوو هەفتەی داهاتووی زۆر گرنگ بینی و گوتی: ”لە نێوان

ڕۆژانی ١٥ و ٢٠ی سێپتەمبردا زۆر شت ڕوون دەبێتەوە. دوابەدوای ڕێفراندۆم، هەندێ شت ڕوونتر دەبنەوە. ئەگەر هەتا ئەو کات هەنگاو هەڵنەهێندرێتەوە، من ئیدی بەرپرسیاریەتی وەئەستۆ ناگرم. دەبێ کەجەکەش بەپێی ئەو بڕیارەی کە وەریدەگرێ، بەرپرسیاریەتی وەئەستۆ بگرێ. ئەگەر حوکمەت هەندی هەنگاو هەڵگرێ، ئەو کات منیش هەوڵ دەدەم بەڕۆڵی خۆم هەستم. ئەو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵ مندا دەکرێت، من دەیانچوێنم بەو سەردەمەی کە منیان هێنایەوە ئێرە. لە پشت پەردەی ئەمەوە، ئەگەری هێرشێکی هەمەلایەنە هەیە. ئەگەرێکی وا هەیە. داخوازی سەرفەرمانداری گشتی نوێ، بۆ درێژکردنەوەی مۆڵەتی 'ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی دەرەوەی سنوور'، بۆی هەیە ئیشارەتێکی ئەو سیاسەتە بێت. ئەگەر دیالۆگ و چاوپێکەوتن پێکنەیەن، هێرشێکی بەربڵاو دەستپێدەکات. ئیدی شتێک کە من بتوانم لێرەوە ئەنجامی بدەم، لە ئارادا نامێنێت. ئەگەر دیالۆگ بەردەوام بێت، منیش هەموو هزری خۆم دەخەمە کار و هەوڵ دەدەم ڕۆڵێک بگێڕم ”.

ئۆجالان بانگێکی بەو شێوەیەشی لە سەرۆککۆمار و سەرۆکوەزیرانی تورکیا کرد و گوتی: سەرۆککۆمار عەبدوڵڵا گول، دەتوانێت دەستپێشخەری خۆی بەکار بێنێ. بە بەرپرسیارەتییەوە لەپێناو چارەسەریدا هەڵسوکەوت بکات. ئۆجالان سەبارەت بەو مژارە بەو شێوەیە لە هەڵسەنگاندنەکەی بەردەوام بوو: “هەڵبژاردەی من، بەپێی یاسا و لەسەر ئەساسی دەستووری بنچینەییە. ئەگەر ئەم پێواژۆیە، کۆتایی پێبێت، ئەو کات دەبێ هەم دەوڵەت و هەمیش کەجەکە، بەرپرسیاریەتی ئەو شتەی کە دەیکەن، وەئەستۆی بگرن. ئەگەر چارەسەری پێکنەیەت، ئەو کات لە کوردستان دۆخێکی دەسەڵاتداری دوولایەنە دێتە ئاراوە. نموونەی وەک کۆسۆڤۆ و باکووری قبرس لەبەرچاوانە. ئەوان ئیدی چاوەڕوانی دەوڵەت ناکەن. ڕووداوەکانی ئەم دواییە وا نیشان دەدەن کە ئەگەری قۆناغێکی نوێی شەڕ لە ئارادایە. ئەگەر کەجەکە لەمە بەدواوە بڕیارێک وەربگرێت، دەبێ بڕیارێکی شۆڕشگێڕانە بێت”.

ئۆجالان سەبارەت بە سیستەمی گەریلایەتی بۆچوونی خۆی دەربڕی و بەبیریهێنایەوە کە چەتەکانی پێشوو، پەکەکەیان زۆر تەنگەتاو کرد .

چەند نموونەی مێژوویی هێنایەوە و گوتی: “کاتێک شێخ سەعید دەیهەوێ ڕوو لە شاری ئامەد بکات، شارەکە ڕووبەڕووی دزی و تاڵانکردنێکی لەوێنەی ڕێبازەکانی ژێتەم لە ڕۆژانی ئەمڕۆدا دەبێتەوە و دەوڵەت بەرپرسیاریەتی ئەو کردەوانە دەخاتە ئەستۆی شێخ سەعید. ئێستاش کەجەکە دەبێ لەبەرامبەر ئەو کەسانەی کە دزەیان کردۆتە ناو ڕیزەکانی، تەدبیری پێویست وەربگرێت و لەبەردەم پێشکەوتنی ژێتەم و چەتەگەریدا ببیتە ئاستەنگ. پێویستە هیچ گومانێک لەسەر خۆی نەهێڵێتەوە.”

ڕێبەری گەلی کورد عەبدوڵڵا ئۆجالان دۆخی ئاکەپەی هەڵسەنگاند و گووتی ئاکەپە بەرەو دیکتاتۆریەت دەچێ. ئۆجالان دەستنیشانی کرد کە لە سەردەمی ئیتحاد و تەرەقیەوە تا ئێستا کلتووری

چەتەگەری هەبووە و بەوشێوەیە بەردەوام بوو: ”لە تورکیای سەردەمی ئیتحاد و تەرەقیەوە تا ئێستا کلتوورێکی چەتەگەری سەد ساڵە هەیە. من بەوان دەڵێم چەتەگەری قڕکردنی شاراوە. مامی ئەنوەر پاشا، 'هالی پاشا' دەڵێت، بۆ ئەوەی کە ناوی ئیتحاد و تەرەقی ئاشکرا نەبێ، ئەوان جلووبەرگی سەربازانی یۆنانستانیان دەپۆشی و مرۆڤەکانیان دەکووشت. واتا دەڵێت، ئێمە ئەو جەنایەتانەمان کرد و خستمانە ئەستۆی یۆنانییەکانەوە. ئەمرۆش کووشتنی هەمان شێوە هەن. ڕووداوەکانی دەستدرێژی جنسی لە سێرت، بەرواری، شرناخ، چوار خوشک لە مەرەش کە خۆیان بە ئاودادا، ئەوانە هیچیان کردەوەی خۆکووژی نین. هەروەها ڕووداوی چوار خوشک و براکە لە ناوچەی 'کولۆی' کۆنیا بە هەمان شێوەیە.“

ئۆجالان ئەو رووداوانەی وەکوو ترساندن و پەرتەوازەکردنی کوردانی هەرێمەکانی رۆژئاوای تورکیا هەڵسەنگاند و بە بیری هێنایەوە لە کاتی کۆماریشدا زۆر کووشتنی بەو شێوەیە هەبوو. ئۆجالان سەبارەت بەم مژارە چەند نموونەی لە کۆمەڵکووژیەکانی مێژوو وەک کۆمەڵکووژیەکانی مەرەش، سیواس، چۆرووم و کۆمەڵکووژیەکەی ساڵی ١٩٣٨ ی دێرسیم و لەم ماوەیەی دواییشدا کووشتنی "هارانت دینک" هەروەها رووداوی چاپخانەی "زیرڤە" هێنایەوە.

ئۆجالان بەو شێوەیە لە هەڵسەنگاندنەکانی بەردەوام بوو: ”هەموو ئەو رووداوانە بەرنامە بۆ دارێژراو بوون. راستەوخۆ دەوڵەت دەستی تێدا هەن. لە دژی کوردان چەتەگەری پێش خراوە و ئەو کردەوانە ئەنجام دەدەن. ئەو چەتانە زۆر لە مێژە رێکخراون و تورکیایان دیل گرتووە و ئێستاش دەیانەوێ وەک دیلێک بیهێڵنەوە.“

ئۆجالان دەستنیشانی کرد کە ئاکەپە ڕووبەرووی ئەو چەتانە نابێتەوە و شەڕی دەسەڵات بەڕێوە دەبات و گووتی: ”یەکەمین ناسنامە کە ئاکەپە نوێنەرایەتی دەکات، تورکچییەتییە. ئەوەی دووهەمین ئیسلامچیەتییە، واتا "تورک -ئیسلام" ە. ئاکەپە ئەمڕۆ هەردوو ئەو ناسنامانە نوێنەرایەتی دەکات. شەڕی نێوان ئاکەپە و چەتەکانیش، شەڕێکە لە پێناو دەسەڵاتدایە. ئەوە تێکۆشانێک نییە لە دژی قەوارە پارێزەکان. شەڕێکیش نییە لە پێناو گۆڕاندا. من بەوە دەڵێم شەڕی دوو هێزی هێژمۆنیک. ئەگەر ئاکەپە لەو شەڕە هێژمۆنیکەیدا سەرکەوتن بە دەست بخات، ئەو کات دەسەڵاتداری خۆی گارانتی دەکا و دیکتاتۆری خۆی ڕادەگەیەنێ. ئەگەر لەو شەڕەشدا بیدۆڕێنێ، ئەو کات لە دادگای باڵادا لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکرێ. ئاکەپە خۆشی ئەوە دەزانێ. رووداوەکانی ئەم دواییە پشتراستی دەکاتەوە کە ئاکەپە بەرەو دیکتاتۆریەت هەنگاو دەنێت.“

ئۆجالان لە دوای ئەو هەڵسەنگاندنانەی داوای لە کوردان کرد، کە رژێمی کۆمەڵکووژیەکان باش بناسن. هەروەها داوای لە بەدەپەش کرد کە بۆ ڕوون بوونەوەی ڕووداوەکان هەوڵ بدەن. ئۆجالان

بانگێکی بەو شێوەیەی لە گەلی کورد کرد: ”ئێمە بە ڕۆژانێکی مێژوویدا تێدەپەڕین. دەبێ کوردان بەخۆیان بڕیار بدەن. وشیاری ئەو مەترسیانە بن کە لە سەر ڕێیانە. بە ڕووداوەکانی دۆرتیۆل و ئینەگۆل، ویستیان کوردان بێئامادەبوون هانی سەرهەڵدانێک بدەن و دواتر سەرکووتی بکەن. بەو شێوەیە پیلان بۆ کۆمەڵکووژی کوردان دادەڕێژرێت .

دەیانهەوێ ئەو کوردانەی کە کۆمەڵکووژیش ناکرێن ڕەوانەی باشووری کوردستانیان بکەن و لەوێ زیندانیان بکەن. دەیانهەوێ ئەوەی بەسەر ئەرمەنیەکانیان هێنا بەسەر کوردانیشی بێنن. مەترسیەکی ئاوەها لە ئارادایە. ئۆجالان هەروەها باسی لە بەرفراوانی ناوەڕۆکی پرۆژەی خۆبەڕێوەردنی دێموکراتیک کرد و بەبیریهێنایەوە کە ئەو پرۆژەیە لەسەر بنچینەی ئێتنیسیتی و جوغرافیا نییە. کورد پێشەنگایەتی ئەو پرۆژەیە دەکەن، بەڵام ئەو پرۆژەیە تەواوەتی تورکیا لەخۆ دەگرێت. ئەو ترسەی کە لەو پرۆژەیە هەیە، لەو تایبەتمەندییەوە سەرچاوە دەگرێت .

ڕێبەری گەلی کورد عەبدوڵڵا ئۆجالان بەو شێوەیە تیشکی خستە سەر پرۆژەی خۆبەڕێوەبردنی دێموکراتیک: ”کاتێک باس لە خۆبەڕێوەبردنی دێموکراتیک دەکەین، ئێمە کوردانی ڕۆژئاوای تورکیاش لەبەرچاو دەگرین. خۆبەڕێوەبردنی دێموکراتیک بەهەڵە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت. لە تێگەیشتنی ئێمەدا بۆ ئەو پرۆژەیە، تەنیا ئێتنیسیتە و جوغرافیا لەخۆ ناگرێت. من لە پارێزنامەکەی خۆمدا بەناوی سۆسیۆلۆژی ئازادیدا، بە بەرفراوانی باسم کردووە. دەتوانن بیخوێننەوەو لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن. تێگەیشتنی ئێمە، تەنیا لەسەر کوردییەتی، تورکییەتی و عەرەبییەتی نییە. لەسەر بنچینەی دێموکراسییە. تێگەیشتنی ئێمە لەسەر بۆچوونی ئاینیش نییە، لەسەر بنچینەی گەلان، تەنانەت ئەوەش تێدەپەڕێنێت و لەسەر بنچینەی کۆمەڵگای جیاوازە. خۆبەڕێوەبردنی دێموکراتیک کە ئێمە باسی لێوەدەکەین، تەنیا بۆ کوردستان نییە، بۆ هەرێمەکانی 'ئەژە' دەریای ڕەش' و ئاناتۆلیای ناوینیشە. لێرەدا ئەوەی گرنگە تێپەڕاندنی زهنییەتی نەتەوە دەوڵەتە. پێویستە ئەم پرۆژەیە لەوچوارچێوەیەدا گفتوگۆی لەسەر بکرێت .”

ئۆجالان دەستنیشانی کرد کە کوردان بەهۆی هەڵکەوتەی کۆمەڵایەتیانەوە، بۆ پرۆژەی خۆبەڕێوەبردنی دێموکراتیک گونجاون و هەربۆیە کوردان دەتوانن پێشەنگایەتی ئەو پرۆژەیە بکەن. ئۆجالان وەها بەردەوام بوو: “بە ڕێگای پرۆژەی خۆبەڕێوەبردنی دێموکراتیک، کوردان مافی نەتەوەبوون، مافە مێژووییەکان، ناسنامە و مافە دێموکراتیکیەکانیان وەدەست دەخەن. کوردان دەتوانن هێدی هێدی، پرۆژەی خۆبەڕێوەبردنی دێموکراتیک بەسەرتاسەری تورکیادا بڵاو بکەنەوە. ئەوەی کە ئیلکەر باشبوغ لێی ترسا و وەک مەترسییەک دەستنیشانی کرد، ئەو ڕاستییەیە .”

ئۆجالان، جارێکیتر داوای تێپەڕاندنی زهنییەت و مۆدێلی 'دەوڵەت - نەتەوەی' ٤٠٠ساڵەی دوبارە کردەوە و گوتی، دەوڵەت -نەتەوە، چارەسەری لەگەڵ خۆیدا ناهێنێت، بەپێچەوانەوە، سەرچاوەی

کێشەکانە. ئۆجالان ئەو سیستەمەی ئێستا سەردەستە، وەک سیستەمێکی دژ بە ڕاستیە کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و تورکیا بەناوکرد و گوتی: "تورکیا بەو دۆخەی ئێستای، ناتوانێت وڵامدەرەوەی کۆمەڵگا بێت. بەو تایبەتمەندییەی ئێستای ناتوانێت، هیچ چینێکی کۆمەڵگا ڕازی بکات. ئێمە، خۆبەڕێوەبردنی دێموکراتیک، تەنها بەخۆمانەوە سنووردار ناکەین. ئەو پرۆژەیە، تەنیا لەسەر پێگەی ئێتنیسیتەی کورد نییە. کوردان ئەمڕۆ پێشەنگایەتی دەکەن. بەڵام ئەوە پرۆژەیەکە بۆ سەرتاسەری تورکیا. بۆ عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوینیش بەو شێوەیەیە. مرۆڤ دەتوانێت، لێرە پێکیبێنێت و پەرەی پێبدات. "

ئۆجالان لە سیستمی خۆبەڕێوەبردنی دێموکراتیکدا، باسی لە پەیوەندی دەوڵەت و کۆمەڵگاش کرد و گوتی: لە سیستەمی خۆبەڕێوەبردنی دێموکراتیکدا، ئەوەی گرنگە ئیرادەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایە. کۆمەڵگا ئەرکەکانی دەوڵەتی ناوەندی کەم دەکاتەوە و بەخۆی خۆی بەڕێوەدەبات. واتا ناوەند ،ئەرکەکانی خۆی ڕادەستی کۆمەڵگا دەکات .

سەبارەت بەم مژارە ئاوها بەردەوام بوو: "من بەوە دەڵێم، ناوەند، ئەرکەکانی ڕادەستی کۆمەڵگا دەکات. لە خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتیکدا، دژایەتیکردنی دەوڵەت بوونی نییە. دەبێ کوردان، لە ئاسایشەوە بگرە هەتا، بوارەکانی وەرزش، لە هەموو گۆڕەپانێکدا، بێئەوەی پێویستیان بە دەوڵەت بێت، پەرە بە ڕێکخستنەکانی خۆیان بدەن. دەبێ لە ڕووی کۆمەڵایەتی، ئابوری و کەلتوری ڕێکخستنەکانی خۆیان بونیاد بنێن. ئاسایشی ناوخۆ دابین بکەن. بۆ ئەوەش پێوست ناکات چاوەڕوانی دەوڵەت بن کە ئەوان قەبووڵ بکات. پێویستە بەدەیە، پەرە بە تێکۆشانی سیاسی بدات. من لێرەدا باس لە هەڵمەتی پەرەدان بە سیاسەتی دێموکراتیک دەکەم."

ئۆجالان لەسەر مۆدێلی خۆبەڕێوەبردنی دێموکراتیک گوتی: دوابەدوای قۆناغی ئاگربەست، ئەگەری ئەوە لەئارادایە کەجەکە، خۆبەڕێوەبردنی دێموکراتیک ڕاگەیەنێت. ئەو خۆبەڕێوەبردنە دیموکراتیکیەی کە ڕادەگەیەندرێت، بەواتای ڕەخنەیەکە لە بەرامبەر مێژووی کۆماری تورکیا.

ئۆجالان هەروەها ئەو چالاکییە جەماوەریانەی کە لە پێناو بایکۆتکردنی دەستوورەکەی ئاکەپە پێکدێن، هەڵسەنگاند. ئۆجالان گوتی: پێویستە چالاکییەکانی بایکۆتکردن لەوە زیاتر بەرفراوان بکرێنەوە و باش پەردە لەسەر فرتوفێڵەکانی ئاکەپە هەڵبدرێتەوە. ئۆجالان هەروەها ئەو دۆزەی کە لە بەرامبەر ڕۆژ تیڤیش کراوەتەوە هەڵسەنگاند و گوتی: ڕاسمۆسێن بەرپرسیاری دۆخی ئەفغانستانە. لەوێ پێویستیان بە سەربازانی تورکیا هەیە. ئەو دۆزە پەیوەندی بە دۆخی ئەوێوە هەیە .

ڕێبەری گەلی کورد عەبدوڵڵا ئۆجالان بۆچوونی خۆی سەبارەت بە ڕێفراندۆمی دەستووری بنچینەیی ئاکەپە دەربڕی و گوتی: دەربڕینی پشتیوانیکردنی بایکۆت بەتەنیا بەس نییە. پێویستە هەوڵەکانی

بایکۆتکردن بەرفراوانتر بکرێتەوە. ئۆجالان هەروەها سەبارەت بە هەوڵەکانی ئاکەپە بۆ لەباربردنی چالاکییەکانی بایکۆت، بەو شێوەیە لە هەڵسەنگاندنەکەی بەردەوام بوو: بۆ ئەوەی بایکۆت لەبارببرێت، لە زۆر شوێنی ڕحا، پوڵ بەسەر خەڵکیدا دابەش دەکرێت. دەگوترێ کە بۆ ئەو مەبەستەش ٨ ترلیۆن لیرە، خەرج کراوە. دەیانهەوێ هەندێ لایەن بەخۆیانەوە ببەستنەوە و بەو شێوەیە هەڵوێستی کوردان لەپێناو بایکۆتدا نەرم بکەن. تەماشاکەن، هەندێ دووکاندار و بازرگان لێدوانیان دا. من لێرەوە بانگەوازیان لێدەکەم. پێویستە ڕێگا نەدەن بەکاربهێندرێن. هەروەها ناوی هەندێ کەس بەکاردەبەن کە هیچ پەیوەندییەکیان بە کوردانەوە نییە. لە تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکاندا پێشیان دەخەن و بەوەش دەیانهەوێ، یەکیەتی کوردان بڵاوە پێبکەن. هەوڵ دەدەن هەڵوێستی سیاسی کوردان، پارچە بکەن .

ئۆجالان دەستنیشانی کرد بەدەپە، نەک تەنیا بۆ بایکۆتکردن کار بکات، بەڵکو پێویستە پیلانەکانی ئاکەپەش ئاشکر بکات. ئۆجەلان سەبارەت بەم مژارە بەو شێوەیە بەردەوام بوو: " دەیانهەوێ بە بەکارهێنانی هەستی ئیسلامییەتی کوردان، لایەنگیری بۆ ئاکەپە بخولقێنن. هەوەها هەوڵدەدەن مەلاکان بۆ لای خۆیان ڕاکێشن. پێویستە مەلاکان لەو پیلانە مەترسیدارانەی کە لەسەریان بەڕێوەدەچێت، وشیار بن و خۆیان بپارێزن. لە جۆلەمێرگ مەلایەک کوژرا،دەیانهەوێ ئەوە بخەنە ئەستۆی پەکەکە. پێویستە لەبەرامبەر ئەو پیلانانە، بە وشیارییەوە هەڵسوکەوت بکەن. پێویستە بەدەپە تەنیا لە پێناو بایکۆتکردندا کار نەکات، پێویستە ئەو پیلانگێڕیانەش ئاشکرا بکات. دەگوترێ کە کرێکارە کوردەکان لە شاری بورسای تورکیا، دەخرێنە ناو تەویلەوە. پێویستە بەدەپە، دەست لەو کێشانە وەردات و دەستبەجێ لەو شوێنانە لێکۆڵینەوە بکات. دەبێ لە بەرامبەر ئەو کێشانەی گەلەکەمان ڕووبەڕووی بۆتەوە، هەستیار بێت و خاوەندارییەتیان لێبکات .

بەدەپە پێویستە بە کێشەکانی گەلی کوردەوە خەریک بێت. کوردان بەرێکخستن بکات و ئاگاداری لەیەکتر بکەن. ڕێبەری گەلی کورد، لە کۆتاییدا لەسەر ئەو دۆزەی لە دژی ڕۆژ تیڤی لە دانیمارک کراوەتەوە گوتی: کردنەوەی ئەو دۆزە، پەیوەندی بە دۆخی ئەفغانستانەوە هەیە. دانیمارک، لە ئەفغانستاندا پێویستی بە سەربازانی تورکیا هەیە. ڕاسمۆسێن، سەرۆکوەزیرانی پێشووی دانیمارک و سکرتێری گشتی ئێستای ناتۆ، بەرپرسیاری ئەفغانستانە. کردنەوەی ئەم دۆزە، پەیوەندی بەوێوە هەیە.